پلەکانی گەرما لە هەرێم نزمدەبنەوە



ئەمڕۆ هەینی بەڕووەبەرایەتی گشتی کەشناسی و بومەلەرزەزانی هەرێمی کوردستان جەختیکردەوە، ئەمڕۆ و سبەینێ ئاسمان لەنێوان ساماڵ و پەڕەهەوردا دەبێت و پلەکانی گەرماش رو لە نزمبونەوە دەکەن.

بەڕووەبەرایەتی گشتی کەشناسی و بومەلەرزەزانی لەڕاگەیەندراوێکدا باویکردەوە ، ئاسمان ساماڵ و پەڕەهەور دەبێت، خێرای با لەسەرخۆ و مامناوەند واتە لەنێوان 10-20 کیلۆمەتر لەکاتژمێرێکدا دەبێت، پلەکانی گەرماش بەڕ نزیکەی 2-4 پلە نزمتر دەبێت بەراورد بە تەمارکراوەکانی دوێنێ.

ئاماژەی بەوەشکردوە، سبەی شەممە ئاسمان ساماڵ و پەڕەهەور دەبێت، لە هەندێك ناوچە دەگرێت بە نیمچە هەور، پلەکانی گەرما نزیك دەبنەوە لە تەمارکراوەکانی ئەمڕۆ.